# ئەنجومەنی ئـاســایش

دابەشکردن: گشتی
١٤ی ئابی ٢٠٠٣

## بڕیــاری ژمــارە ١٥٠٠ (٢٠٠٣)

ئەنجومەنی ئاسایش لە دانیشتنی ژمارە ٤٨٠٨ی ١٤ی ئابی ٢٠٠٣دا پەسندیکردووە

ئەنجومەنی ئاسایش،

لەکاتێکدا،

ئاماژە بە هەموو بڕیارە پەیوەندیدارەکانی پێشووی، بە تایبەتی بڕیاری ژمارە ١٤٨٣ (٢٠٠٣) لە ٢٢ی ئایاری ٢٠٠٣دا، دەکات و،

جەخت لەسەر سەروەری و یەکگرتوویی خاکی عیراق دەکاتەوە و،

دووبارە جەخت لەسەر دەوری گرنگی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراقدا، وەك لە برگە پەیوەندارەکانی بڕیاری ١٤٨٣ (٢٠٠٣)دا دیاریکراوە دەکاتەوە و،

راپۆرتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە ١٥ی تەموزی ٢٠٠٣ دا (S/2003/715)، لەبەرچاودەگرێت،

1. پێشوازی لە دامەزراندنی ئەنجومەنی فرمانڕەوایی عیراقیی بنکەی نوێنەرایەتی فراوان لە ١٣ی تەمووزی ٢٠٠٣دا دەکات وەك هەنگاوێکی گرنگ بەرەو پێکهێنانی حکومەتێکی دانپێدانراوی نێودەوڵەتی لەلایەن گەلی عیراقەوە کە سەروەریی عیراق دەگرێتە دەست؛

2. بڕیاردەدات نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق بۆ پشتگیریکردنی سکرتێری گشتی لە ئەنجامدانی ماندێتەکەی لەسایەی بڕیاری ژمارە ١٤٨٣ و بەپێی ئەو پێکهاتە و بەرپرسیارێتییەی لە راپۆرتەکەی ١٥ی تەمووزی ٢٠٠٣یدا هاتووە، بۆ ماوەی ١٢ مانگ وەك سەرەتا، دابمەزرێنێت ؛

3. بڕیاردەدات ئەم پرسە بە کراوەیی بهێڵێتەوە.